# ئەندێشە



سارا عومەر، دانیمارک
24 بۆ 26 ی بەفرانباری 2007
Xozga86@hotmail.com

وا ئەمجارەش
زیندەگی لە ژارخانەکەی[1] خۆیدا
لە نیگا ژاکاوەکەم وورد دەبێتەوە و
خوازیارە لە دەروازەی
حوزنە بێزەوقەکانمەوە بۆی بدوێم
من، بە ئارامی هەوڵدەدەم
دەرگای ڕازە گڕگرتووەکانمی بۆ بکەمەوەو
لە بەردەمیدا
ببمە ئەو باڵدارە خەیاڵییەی
دەخوێنێ و
باڵ لێدەدا و
ئاگر دەگرێ و
دەسوتێ و
دەبێت بە خۆڵەمێش و
ڕوناک دەبێتەوە و
ووندەبێت ...

من

دەمەوێت ببمە قەقنەز و بێمە وەڵام لە ژیان
بەڵام هەرچەندە بە گوێچکەی زیندەگیدا دەچرپێنم
دەنگم ناگات بەو
هاوارە دوورەدەستەکانی بێدەنگیش
وشە ساواکانی ناوگەروم
ناگەیەنێتە دەم ڕاستگۆیی (با) و
بە جیهاندا بیگەڕێنێت بۆ دۆزینەوەی ئەو!

من، لە ڕووانگەی چاوی بریسکەداری
هەزار و یەک وشەی نەدرکاوەوە
بە هیوا بەباداچووەکانی خۆمدا شۆڕدەبمەوە و
بە کۆمەڵێک ئاهی زەلیلەوە
لە بێدەسەڵاتی خۆم دەڕوانم و
دێمە سەرچۆک!

ئێستاش
لە یەکێک لە ئاوێنەکانی
دڵۆپێک لە فرمێسکە تیژ و تاڵەکانمەوە
ئەندێشەیەکی نامۆ
بە نەرمی
لە دەرگای ڕۆحە پڕ لە ئاژاوەکەم دەدات و
لە نیگارێکیدا
لە بیابانە کاکیبەکاکیەکانی
تابلۆیەکی شەیدا و شێواودا
بە گومڕاییەوە
بە پێنووسە شەرابییەکەی خەیامێک
بە خوێنی یەکێک لە کوڕەکانی ترێ
دڵی کیژێکی لە ئەزەلەوە تەواوە دەکاتەوە و
لە قووڵایی چیرۆکە ئەنفالکراوەکانی دوو ئەویندارى دەریاوە
لەتەک هەستێکی ڕووت و
لێوێکی شەقبردووی دووای سەرمای ئەوینێکی حەرامدا
لە ڕووخساری تابلۆیەکدا
لە زوبانە پڕ ئەفسونە مۆسیقاوییەکەی پێنووسەوە
لە چاوە ترسنۆکە قەفەزکراوەکانم وورد دەبێتەوە و
پیتە خۆڵەمێشییەکانی وەک ئاوازی فلوتێکی جێماو
بە سەمایەکی گوناهبارەوە
لەسەر تەختی لاپەڕە دڕاوەکەی دڵم درێژ دەکات و
بەدەم لورەلورو ناڵاندنەوە

پێم دەڵێت؛

تۆ؛ ئەی کیژی دەڤەرە ئاوارەکانی ونبوون لە خۆت
هەتا لە تەنهایی ڕۆحت تێنەگەیت
دڵنیابە
نازانیت بۆ گوزەر دەکەیت!
هەتا لە بوونی خۆشت تێنەگەیت
هەرگیز ناتوانیت بە دڵێکی فراوانەوە
کڕنووش بۆ زیندەگی ببەیت!

منیش بە دڵێکی پڕ لە ئازار و
هەستێکی پڕ لە هەناسەی سارد و تەزیوەوە
پێی دەڵێم ؛
ئەی ئەندێشەترین ئەندێشەی ناو ئەندێشەکانی سینەم
بیرکردنەوە لە تۆ
تەنها یاریکردنە لەگەل نهێنییەکانی تاریکی
ناردنی سڵاوە وێڵەکانە
بەناو
گەورەیی دارستانە سەوز و خامۆشە هەپرونکراوەکاندا
گەڕان بە دواتدا بۆ دڵنیابوون لە خۆم
چۆمە ئەفسوناوییە شپرزەکانی شیعری پێبڕیوم و
تێڕامانیش لێت
دڵنیام
وەڵامی وەڵامە وونبووەکانە لە خۆم!
من لە گەرویەکەوە بانگت دەکەم
هێندەی مەزنی ناوەکەت
پڕ پڕە لە تۆفانی فرمێسکە پەنگخواردووەکانی
کچێک
کە باڵی لێڕواوە و
بۆ گەیشتن بە لوتکەی هەورە ڕەشداگیرساوەکان
دەفڕێت.

خۆزگە دەتزانی
منم، کە لەنگەری (قەوزە) خواردووی سەفەرم
لەناو دەریای زەمەندا شکاوە و
لەم (ئاو)ە شاخستانە سەختانەی خەوندا داگیرکراوم
کە لە ئاوێنەی چاوەکانی داهاتوشدا
ڕابردوی خۆم دەمدۆزێتەوە

لە ئاگرڕەنگی ئیلهامی هۆنراوەیەکدا بۆ تۆ
هەرچەند دەکەم
هەڵهاتن لە چارەنووسی ئەم خاکە خوێن و خەرابەدا[2]
ئاسانییە و
هەرگیز بە خەیاڵی پاشەکشێشەوە بۆت ناگەڕێم!

ئیدی
چۆن بتوانم
بە هێڵە سەیر و سەمەرەکانی ژیاندا
هەنگاوبنێم بەناو دۆزەخەکانی ویڵیدا
بۆ گەیشتن بە سنوورە خواروخێچەکانی ئاشتکردنەوەت؟؟

چۆن دەستی خۆم بگرم و
وەک هەوایەک
وەک نزایەک
وەک خودایەک
بەناو جەستە ئاوییەکەتدا تێپەڕببم؟
چۆن بتوانم
دەستم بەرم بۆ قەد و باڵای گوڵە بەهارییەکان و
بیدەم لە یەخەی ئەندێشەیی ئەندێشەت؟

دەمەوێت، بەر لەوونبوونم
دوا سیمای چاوەکانت، لە ڕۆحی خۆم تێر هەڵبسوم
ئاخر منێک، کە نغرۆ بووم لەناو ئەندێشەی نەبوودا
چۆن بوێرم
بەدیار حەسرەتی وێنە نەکێشراوەکانەوە
ماچێکت بە ڕەنگی نەبینراوی خۆت بۆ بکێشم و
لە پەنجەرە شکاوەکەی ژوورەکەمەوە
بە نهێنییەکانی پەروانەدا
بۆتی ڕەوانە بکەم؟

ئاخر
بۆ لە ژوانێکدا پێمنالێیت
بۆ بەمشێوازە
تۆیەکی دڵ پڕ لە خۆزگە
ئاواتەخوازیت
نزیکبیت لەو ڕۆحە سپییەی
ناو جەستەی سپیهەڵگەڕاوی من؟

لەو بەهەشتەبەرینەی ئەندێشەیی خۆتدا
بۆ زۆرم لێدەکەیت
تێهەڵکێشی ناو ئەم گۆلاوە قوڕاوییە قووڵەی زیزبونمت بکەم و
بۆ ناو بەردەوامی بەردەوام تاریکە ژیانی جەهەندەمی خۆم
ڕاپێچت بکەم؟

ئاخر چۆن بتوانم
تۆیەک
کە خۆت ئەندێشەیت و
لە ئەندێشەش بوویت
بە بۆنی هەناسە هەرگیز نەدراوەکانم
ڕاپێچکێش بکەم
بۆ ناو بنکی خەزامێکی[3] تری
نادیاری دیسان وونتر لە خۆم؟

تۆ
ئەگەر من بە کۆشکێک لە عیشوە و جوانی دەزانیت
یاخود دەتەوێت
بە ناو هێڵە سەیر و پڕ نهێنییەکانمدا تێپەڕبیت
بۆ خۆت نادەیتە دەست قەدەری ئاگربارانی گەیشتن بە ئاواتەکانت و
بۆ چەند ئێستێک
ئاشنای مەرگەژیانی  نادیاری من ببیت؟

منێک
بە کۆمەڵێک لە کۆرپەلە خۆزگەوە
لەسەر لێوارەکانی قەبر
کز کز لێی دانیشتووم و
لە چاوەڕوانی دۆزەخدا
لێگا لێگا فرمێسکبارانی گڵەکەی بەردەمی خۆم دەکەم
دەترسم
وەک خۆم ووشک ببێتەوە ..
ووشکتر لە چیلکەو چەوێڵەی
ئێسکە جێماوی کۆرپەلە بێنازەکەی ناو ناخم
ئاخر
وەک خودا زەوی فەرامۆش کردووە لە ئاوی حەیاتی میهرەبانی
با هیچ نەبێت
گڵە ووشکهەڵگەڕاوەکان لە سوێراوی فرمێسکی دەروونی من بنۆشنەوە
نامەوێت چیتر، خاکە جێماوەکەم تینووی بارانی هەرگیز نەباریو ببێت!

منێک
هەردەم بەناو تاریکی و ڕوناکیدا
بانگەوازت بۆ دەکەم و
تۆش لە شەرما تلیقاویتەوە لە پێکەنینا و
بەبەردەوامی شێتئاسا خۆتم لێون دەکەیت
ئێستا دەزانم چەندە شێتگیری ماڵئاوایتم
تا دوا تنۆکی تەرزەی چاوەکانمت بە نهێنی لا جێبهێڵم
بەڵام دڵنیابە
هەرگیز تێهەڵکێشی ژوورەتاریکەکەمت ناکەم!
جاخۆ مەگەر من شێتێک بم
لە شێتەکانی زەمانە
ئەگەر ئەندێشە و تاریکی پێکەوە
لە سوچێکی ژیانمدا کەلەپچە بکەم!

ئەوێستاکێ
منێکی بچکۆلەی قشت و دڵبەئاگرین
بەدەم هەنسکهەڵکێشانەوە،
دەڤەر نەماوە سەری پیا نەکەم بۆ دۆزینەوەت
کوچە نەماوە خێمەی شەکەتی تێداهەڵنەدەم و
پیر نەماوە یەخەی نەگرم بۆ سۆراخت
بۆ بینینەوەی پارچەی لەت و پەتی ئەندێشەکانم
جارێکی دی
لە بازاڕی ئەندێشەکاندا، بە خۆم و چەفەکەی سەرمەوە
وەک قەرەجێکی بێدەرەتان بۆ گەڕان بە دوای ئەندێشەدا
بەدەم چڕینی سرودی گەڕانەوەی بۆ سەر سنوور بۆی دەگەڕێم

من دەزانم
ناو ناخی من گۆڕستانێکی پڕ لە مردووە
باخچەیەکی بێپەپوولە و
تەنانەت چیرۆکی ڕاستەقینەی ژیانیش خۆیم لێبزردەکات
منێک، کە هێندەی مەلولیم لە ڕۆحی درەختەکان دەترسم
لە وەرزی گەڵا خەزاندا، خۆم دەخەمە ناو تابوتەکەمەوە و
کە بەهاریش دێت
وەک ئەسرینی جوانفرەکان درێژدەبێتەوە بەناو جوانیدا و
منیش
لە پەراوێزی ئەم ژینەدا
بەردەوام بەناو تاریکییەکانی خۆمدا گوزەر دەکەم و

ناتدۆزمەوە، ئەندێشە !

ئاخر، هیچنەبێت  ئەو بەڵێنە لەیاد مەکە، کە بە حەسرەتەوە
هەموو جەستەم لەلەرزینێکی بێوەنەدا پێی دەوتیت؛
تا بینایم لە دوو پەپوولەکەی چاوتدا نوقم نەکەم
دڵنیابە
ماڵئاوایت لێناکەم!
تا دوا تنۆکی بارانە پەیڤینەکانی دییەم
لە ئامێزی ئێوارانتدا هەڵنەڕژم
پێت ناڵێم،
ئیتر بە دەستی خۆت بەم خاکەم بسپێرە!

تەنها شتێک کە بیرم بێت، نیگا مچوڕکاوییەکەی تۆیە
کە بە تریفەی چاوەکانت
لە خەونمدا تیامدا ووندەبوویت و
دووبارە و چەندبارە دەتووتەوە؛
تۆیەک، کە لە ئەزەلەوە نامۆبوویت بە ژیان
رۆحت گەڕۆک گەڕۆک
تۆیەک، کە سنورەکانی ژیان و خۆشەویستی
ژیان و سەرنانەوە
ژیان و ئەندێشە
لە یەک خاڵدا دەبینییەوە
دەبێت لەنێوان سنورەکانی  دڵنیای و دوودڵیدا
بڕیارەکانی خۆت بدەیت و
خۆت لەم تەپوتۆزی غوربەتە دەرباز بکەیت، هەتا زوووە!

بیرمدێت
ئەندێشە لە وێنەی باوکێکی دڵ پڕ لە سۆزدا
باوکێکی شاعیری پتەودا
کە هەردەم خۆی لە مردن دەدزێتەوە و
دڵە ترساوە مەزنەکەشی
بەبەرزایی شاخەکانی گۆیژە پڕ پڕە لە ڕەشبینی و
هەردەم بۆنی مەرگی لێدێت
لە شەوێکی گریاندا پێی وتم؛
کچە کەساسە نەشمیلەکەم
من ماندویەتیت لەم کەونە خوێناوییە تێدەگەم
تۆش وەکو من هەموو گیانت لە هۆنراوەیەکدا بنووسەوە و

بیکە بەهاوڕێی نهێنی و ئازارەکانت و
بەناو شەپۆلەکانیدا بڕۆ بەرە و هیوا
کەسەکەم، ئەگەر دەتەوێت
لە نهێنی و ئاکارە سەیروسەمەرەکانی جیهان تێبگەیت
ئەوا بەردەوام لەپشت بێدەنگیتەوە بۆ شیعرێک بگەڕێ
لە خورپەی دڵتدا خۆی بنووسێتەوە
ڕۆڵەکەم
دەزانم پشتی هەموو ماتییەکت لە ڕووی هەبووندا پڕە لە گریان
شیعریش دڵنیایە، کە پڕ پڕیت لە وشە
بیاندرکێنە، کچەکەم !
بەردەوام بە .. بەردەوام ...

وا ئەمجارەش
تۆ ونیت و من چاوەڕێم
لەسەر خاڵی جیاکردنەوەی ژیان و
دوانیگای تۆدا
لەسەر لێوارەکانی ڕاستی و
ئەندێشە چاوم لە جێپێکانتە،
وەک [4]پەرندەیەکی باڵشکاو
بە چواردەوری وێنەی جێماوی کەوشەکانتدا
دەخولێمەوە و
وەختە تەپوتۆزیش بیانسڕێتەوە
مەلول و غەمگین، وەک کزی گوڵی چرایەکی ناو تاریکی
وشەبەوشەی بێدەنگیم
دەکەم بەساقەی باڵات و
کەوتوومەتە پشکنینی تاریکی بۆت
وا هەست دەکەم
هەردەم
چاوەکانیشم بەبێ تۆ لە گلێنە خاڵین!!

تێبینی :

[1] ژارخانە : جێگەی بەخێوکردنی بێماڵ و حاڵانە
[2] خەرابە : کاول، وێرانە
[3] خەزام : پایز، گەڵاڕێزان
[4] پەرندە : باڵندە، مەل